# داودی پاشا و بەڵێنی خودا

١ ساموئێل ١٨ و ٢ ساموئێل ٧

ئەمڕۆ بەردەوامین لە چیرۆکی پێغەمبەر داود. پێش دوو وانە، بینیمان چۆن خودا داودی گەنجی هەڵبژارد بۆ ئەوەی ببێتە دووەم پاشای ئیسرائیل، هەرچەندە فەرمان ڕەوایی نەکرد لەو ڕۆژەی خودا هەڵیبژارد. خودا شائولی پاشای یەکەمی ڕەت کردەوە، لەبەر ئەوەی هیچ گرنگی بە ویستی خودا نەدا. بەڵام خودا گەواهی دا سەبارەت بە داود و فەرمووی، (داودی کوڕی یەسام دۆزییەوە، پیاوێکە بە دڵی من، ئەوەی هەموو خواستی من جێبەجێ دەکات.) (کرداری نێردراوان ١٣: ٢٢) لەوانەی ڕابردووماندا، داودمان بینی جالوتی زەبەلاحی کوشت، بە بەردەقانیەك و بەردێك و باوەڕێکی پتەو بە خودای زیندوو لێی بردەوە. با ئێستاش بەردەوام بین لە چیرۆکی داود و ببینین چۆن داود جێگای شائولی گرتەوە وەك پاشای ئیسرائیل.

بەردەوامین لە یەکەم سیپارەی ساموئێل، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: [٦] ئەوە بوو کە هاتن پاش ئەوەی داود لە کوشتنی فەلەستییەکە گەڕایەوە، ئافرەتان لە هەموو شارەکانی ئیسرائیلەوە بە گۆرانی و سەماوە بۆ پێشوازی شاول پاشا هاتنە دەرەوە، بە دەف و شادی و سێگۆشەکانەوە. [٧] ژنە سەماکەرەکان بەدەم گۆرانییەوە دەیانووت: (شاول لە هەزارەکانی دا و داودیش لە دە هەزارەکانی.) [٨] شاول زۆر تووڕە بوو و ئەم قسەیەی پێ خراپ بوو و وتی: (دە هەزارەکانیان بە داود دا و بە منیش هەزارەکان، هەرئەوە ماوە پاشایەتییەکە بۆ ئەو بێت.) [٩] ئیتر لەو ڕۆژەوە شاول چاوی لەسەر داود بوو. (١ ساموئێل ١٨)

بەم شێوەیە، نووسراوی پیرۆز پێمان دەڵێت چۆن گەلی ئیسرائیل داودیان خۆش ویست. بەڵام ئەوان چەن داودیان زیاتر خۆش دەویست، شائولی پاشا زیاتر ڕقی لێی دەبووەوە. حەسوودی دڵی شائولی پڕ کردبوو و کۆنترۆڵی کردبوو تا ئەو ڕادەیەی تەنها بیری لەوە دەکردەوە چۆن لە کۆڵی داود ببێتەوە. لە دەرئەنجامدا، داود هەڵات و خۆی لە بیابان شاردەوە، لەگەڵ ئەو چوار سەد پیاوەی ئیسرائیل کە لەگەڵی بوون. شائولی و سەربازەکانی بەدوای داود و پیاوەکانی دەگەڕان لە بیابان. شائول هەرچی لە دەستی بوو کردی بۆ ئەوەی داود بگرێ و بیکوژێ. بەڵام ئەم شتەی پێ نەکرا چونکە پەروەردگار لەگەڵ داود بوو. بەڵام شائول داودی تووشی خەفەتێکی زۆر کرد. بۆ ماوەی هەشت ساڵی دوور و درێژ، داود و پیاوەکانی دەبوایە لە دەستی پاشا شائولی تورە هەڵبێن.

بەهەر حاڵ، ئەو حەسوودی و تورەییەی شائول وای نەکرد داود ڕقی لێی ببێتەوە. بۆچی داود ڕقی لە شائول نەبووەوە، ئەو شائولەی هەوڵی کووشتنی دەدا؟ داود نەیدەتوانیٚ ڕقی لە شائول ببێتەوە، لەبەر ئەوەی داود لەگەڵ ئەو خودایە ڕۆیشت کە وا دەکات خۆری بەسەر ڕاستودرووست و ناڕاستودرووستدا هەڵبێت. وەك نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: هەر کەسێک خۆشەویستی هەبێت لە خوداوە لەدایک بووە و خودا دەناسێت. ئەوەی خۆشەویستی نەبێت خودای نەناسیوە، چونکە خودا خۆشەویستییە. خۆشمان‌دەوێت، چونکە یەکەم جار ئەو خۆشی‌ویستووین. ئەگەر یەکێک وتی: (خودام خۆش‌دەوێت) و ڕقی لە خوشکی یان براکەی بێتەوە، ئەوە درۆزنە. چونکە ئەوەی خوشک و برای خۆی خۆش نەوێت کە بینیوویەتی، ناتوانێت خودای خۆش‌بووێ کە نەیبینیوە. (١ یۆحەنا ٤: ٧، ٨، ١٩، ٢٠)

چیرۆکێك هەیە حەز دەکەین تەماشای بکەین بۆ ئەوەی سەرنجی زەلیلی و خۆشەویستی داود بدەین. لە یەکەم سیپارەی ساموئێل دەخوێنینەوە، بەشی بیست و چوار، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (١ ساموئێل ٢٤) [١] پاش ئەوەی شاول لە ڕاونانی فەلەستییەکان گەڕایەوە پێیان ڕاگەیاند و وترا: (ئەوەتا داود لە چۆڵەوانی کانی گەدی دایە.) [٢] جا شاول لە هەموو ئیسرائیلدا سێ هەزار پیاوی هەڵبژاردەی برد و چوو بۆ گەڕانبەدوای داود و پیاوەکانی، لەسەر (تاشەبەردەکانی بزنە کێوییەکان). [٣] ئینجا هاتە لای پەرژینە مەڕەکان لەسەر ڕێگاکە، لەوێدا ئەشکەوتێکی لێبوو، شاول چووە ژوورەوە تا دەست بەئاو بگەیەنێت و داود و پیاوەکانیشی لە قوڵایی

ئەشکەوتەکەدا دانیشتبوون.

^٤ ئینجا پیاوەکانی داود پێیان وت: (ئەوە ئەو ڕۆژەیە کە پەروەردگار پێی وتیت، (من دوژمنەکانت دەدەم بەدەستتەوە تۆش ئەوی پێت باشە پێیانی دەکەیت.)) داودیش هەڵستا و بەدزییەوە لایەکی کەواکەی شاولی بڕی. ^٥ ئەوە بوو پاش ئەمە، دڵی داود ئازاری دا لەسەر دڕینی کەواکەی شاول. ^٦ جا بە پیاوەکانی وت: (لە من بەدوور بێت لە پەروەردگارەوە، ئەگەر ئەم کارە بە گەورەکەم بە چەورکراوی پەروەردگار بکەم و دەستی بۆ درێژ بکەم، چونکە ئەو چەورکراوی پەروەردگارە.) ^٧ داود بەم قسانە پیاوەکانی سەرزەنشت کرد و ڕێگای پێ نەدان بۆ سەر شاول هەستن، شاولیش لە ئەشکەوتەکە هەڵستا و ڕێگای خۆی گرتەبەر.

^٨ پاش ئەمە داود هەڵستا و لە ئەشکەوتەکە دەرچوو، بەدوای شاولدا هاواری کرد و وتی: (گەورەم پاشا!) کاتێک شاول بەرەو دواوە ئاوڕی دایەوە، داود سەری بەرەو زەوییەکە داگرت و کڕنۆشی برد. ^٩ ئینجا داود بە شاولی وت: (بۆچی گوێ لە قسەی خەڵک دەگریت، ئەوانەی دەڵێن، (ئەوەتا داود خراپەی تۆی دەوێت)؟ ^١٠ ئەوەتا ئەمڕۆ بە چاوەکانی خۆت بینیت کە چۆن پەروەردگار ئەمڕۆ تۆی لەو ئەشکەوتەدا دا بەدەستم و پێم وترا، کە بتکوژم، بەڵام من بەزەیم پێتدا هاتەوە و وتم، (دەستم بۆ گەورەم درێژ ناکەم، چونکە ئەو چەورکراوی پەروەردگارە.) ^١١ تەماشا بکە باوکە، تەماشا دامێنی کەواکەت بەدەستمەوە، من دامێنی کەواکەتم دڕی بەڵام نەمکوشتیت، بزانە و ببینە کە من هیچ خراپە و یاخیبوونم نییە و گوناهم دەرهەق نەکردوویت، کەچی تۆ ڕاوی گیانی من دەکەیت تا بیبەیت. ^١٢ با پەروەردگار دادوەریمان لەنێواندا بکات و پەروەردگار تۆڵەی منت لێ دەکاتەوە، من دەستت لێ بەرز ناکەمەوە، ^١٣ هەروەک پەندی پێشینان دەڵێت، (لە خراپەکارانەوە خراپە دەردەچێت،) بەڵام من دەستت لێ بەرز ناکەمەوە.

^١٦ ئەوە بوو کە داود لەم قسانە بۆوە لەگەڵ شاول، شاول وتی: (داود کوڕم، ئەمە دەنگی تۆیە؟) ئینجا شاول دەنگی بەرزکردەوە و گریا، ^١٧ بە داودی وت: (تۆ لە من ڕاستودروستتریت، چونکە تۆ بە چاکە پاداشتت دامەوە، منیش بە خراپە. ^١٨ هەروەها ئەمڕۆ تۆ دەرتخست کە چاکەت لەگەڵدا کردووم، چونکە پەروەردگار منی دا بەدەستتەوە، بەڵام تۆ نەتکوشتم. ^١٩ چونکە ئەگەر پیاو دوژمنەکەی دەست بکەوێت، ئایا بەرەو ڕێگای باش بەڕەڵای دەکات؟ با پەروەردگار پاداشتی چاکەت بداتەوە لەبەر ئەوەی ئەمڕۆ لەگەڵ مندا کردت. ^٢٠ ئێستاش ئەوەتا من زانیم تۆ دەبیت بە پاشا و بە دەستی تۆ پاشایەتی دادەمەزرێت.

لەپاش ئەوە، شائول گەڕایەوە ماڵ، بەڵام زۆری نەبرد کە حەسوودی دیسان دڵی داگیر کرد و هانی دا بگەڕێتەوە بیابان و ڕاوی گیانی داود دەست پێ بکاتەوە. شائول لەم شتە هەشت ساڵ بەردەوام بوو، تەنها لەبەر حەسوودی! لەگەڵ ئەوەشدا، خودا داودی ڕزگار دەکرد لە دەستی شائول. لە کۆتاییدا، شائول پاداشتی خراپەکانی وەرگرتەوە. با بزانین چی نووسراوە لە بەشی سی و یەك.

نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (١ ساموئێل ٣١) ^١ فەلەستییەکانیش دژی ئیسرائیل جەنگان و پیاوەکانی ئیسرائیل لەبەردەم فەلەستییەکاندا هەڵاتن و لە (کێوی گلبۆع) دا بە کوژراوی کەوتن. ^٢ ئینجا فەلەستییەکان بەدوای شاول و کوڕەکانییەوە نووسان، فەلەستییەکان لە کوڕەکانی شاولیان کوشت، یەهۆناتان و ئەبیناداب و مەلکی- شوەع، ^٣ جەنگەکە لەسەر شاول توند بوو و کەوان بەدەستە تیر هاوێژەکان بە سەختی برینداریان کرد. ^٤ جا شاول بە هەڵگری چەکەکەی وت: (شمشێرەکەت دەربێنە و بمکوژە، نەوەک ئەو خەتەنەنەکراوانە بێن و بمکوژن و گاڵتەم پێ بکەن.) بەڵام هەڵگری چەکەکەی ڕازی نەبوو، چونکە زۆر ترسا. لەبەر ئەوە شاول شمشێرەکەی برد و خۆی کەوت بەسەریدا.

لەو ڕۆژەدا، شائول و هەر سێ کوڕەکەی مردن. بۆیە، نەوەکانی شائول بەتەواوی فەوتان، هەروەك خودا فەرمووی وایان لێ هات. لەو بەشانەی پاش ئەوە، نووسراوە پیرۆزەکان باسی ئەوە دەکەن چۆن خودا شانەشینی ئیسرائیلی دا بە دەستی داود. داود پاشایەکی یەکسان بوو کە حەزی بە ڕاستودرووستی دەکرد و ڕقی لە زوڵم بوو. داود پەروەردگار خودای پڕ بە دڵ خۆش دەویست. ووشەی خودا و شکۆمەندی خودا بە پلەی یەکەم دەهاتن لە بیر و بۆچوونی داود. بۆیە، کاتێ داود دەستی بە فەرمان ڕەوایی کرد بەسەر ئیسرائیل،

یەکەم شت کە ویستی بیکات ئەوە بوو کە چادری چاو پێ کەوتن و سندوقی پەروەردگاریان بێنێتە قودس. قودس بووبوو بە پایتەختی ئیسرائیل، لەبەر ئەوەش بوو داود ویستی چادری پەرستن و قوربانگای قوربانی لەوێ دابمەزرێنێ.

لەپاش ئەوەی داود چادری پەرستنی گواستەوە بۆ قودس، نووسراوە پیرۆزەکان باسی ئەوە دەکەن چۆن ویستی پەرستگایەکی جوان درووست بکات بۆ ئەوەی ناوی پەروەردگار بەرز ڕابگرێ. داود ویستی پەرستگایەك بنیات بنێ کەوا **سندوقی پەیمانی پەروەردگار** دابنرێ بۆ ئەوەی گوناهباران بتوانن قوربانی بۆ پۆشینی گوناە پێشکەش بە خودا بکەن. بەڵام، پەروەردگار بە داودی ڕاگەیاند کە ئەو ئەو کەسە نیە خانوو بۆ خودا درووست بکات، بەڵکو خودا خانوو بۆ ئەو درووست دەکات، بە مانای نەوەیەك کە تاهەتا بمێنێتەوە! گوێ بگرە لەو پەیمانەی خودا لەگەڵ داود بەستای. پێی فەرموو: (٢ ساموئێل ٧) [12] کاتێک ڕۆژانت تەواو دەبن و دەچیتە پاڵ باوباپیرانت، من وەچەکەت ئەوەی لە هەناوتەوە دەردەچێت، لە دوای خۆت دایدەمەزرێنم و پاشایەتییەکەی جێگیر دەکەم. [13] ئەو ماڵێک بۆ ناوی من بنیاد دەنێت و منیش بۆ تاهەتایە تەختی پاشایەتییەکەی جێگیر دەکەم. [14] من دەبم بە باوکی و ئەویش دەبێت بە کوڕم. ئەگەر ستەم بکات، ئەوا بە گۆچانی خەڵک و لێدانی نەوەی ئادەم تەمبێی دەکەم. [16] ماڵەکەت و پاشایەتییەکەشت بۆ تاهەتایە لەبەردەمتدا ئاسوودە دەبن و تەختت بۆ تاهەتایە جێگیر دەبێت.)

لەو پەیمانە تێگەیشتی کە خودا لەگەڵ داودی پاشا بەستای لەو ڕۆژە؟ بەڵێنێکی سەیر بوو کەوا لە ئاستی تێگەیشتنی مرۆڤ دا نەبوو! خودا بەڵێنی بە داود دا، (ماڵەکەت و پاشایەتییەکەشت بۆ تاهەتایە لەبەردەمتدا ئاسوودە دەبن و تەختت بۆ تاهەتایە جێگیر دەبێت!)

چۆن؟! چۆن پاشایەتییەکەی داود تاهەتایە دەمینێتەوە؟ ئەم شتە چۆن دەبێ؟ داود، کە تەنها مرۆڤە، چۆن دەتوانێ شانەشینێکی هەبێ کەتاهەتا بمێنێتەوە؟ ئەمە وەڵامەکەیە: خودا بەڵێنی بە داود دا کە یەکێك لە نەوەکانی شانەشینێك دادەمەزرێنێ کەتاهەتا دەمینێتەوە. پیاوێك لە خێڵی خێزانی شاهانەی داود لەدایك دەبێت کەوا دەسەڵاتی پاشایەتی کردن لە ئاسمان و زەوی وەردەگرێ تاهەتا. ناوی دەبێت بە پاشای پاشایان، پەروەردگاری پەروەردگاران، میری ئاشتی. سەدان ساڵ لەپاش چەرخی داود، و نزیکەی حەفت سەد ساڵ لەپێش لەدایك بوونی ئەم پاشای پاشایانە، پێغەمبەر ئیشایا ئەم ووشانەی نووسیوە: (چونکە کوڕێکمان دەبێت کوڕێکمان پێ دەدرێت سەرکردایەتی دەکەوێتە سەرشانی. ناوی لێ دەنرێت سەرسوڕهێنەر و ڕاوێژکار خودای بە توانا، باوکی تاهەتایی میری ئاشتی. [7] گەشەسەندنی سەرۆکایەتی و ئاشتییەکەی بێ کۆتایی دەبێت، لەسەر تەختی داود و لەسەر پاشایەتییەکەی بۆ چەسپاندنی و بەهێزکردنی بە دادپەروەری و بە ڕاستودروستی لە ئێستاوە و تاهەتایە. دڵگەرمی پەروەردگاری سوپاسالار ئەمە دەکات.) (ئیشایا ٩: ٦، ٧)

دەزانی کێ لەنێوان نەوەکانی داود ئەو دەسەڵاتەی پێ دراوە کە شانەشینێکی تاهەتایی دابمەزرێنێ؟ دەزانی کێ دادوەری نەوەکانی ئادەم دەکات لە ڕۆژی دوایی و فەرمان ڕەوایی دەکات تاهەتا؟ بەڵێ، ڕزگاری دەرەکەیە، ئەو پاشایەی لە ئاسمانەوە هات، کە لە پاکیزەیەك لەدایك بوو، کچێك کە لە نەوەی داود بوو، سەبارەت بەم پاشایە، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: ( بۆیە خودا زۆر بەرزی کردەوە و ناوێکی دایێ لە سەرووی هەموو ناوێک) (فیلیپی ٢: ٩)

کاتێ داود لە پلانی خودا تێگەیشت بۆ ناردنی ڕزگاری دەرەکە لە خێڵی ئەو، کڕنۆشی برد و پەروەردگاری پەرست و وتی، (٢ ساموئێل ٧)
[18] (ئەی پەروەردگاری باڵادەست، من کێم و ماڵەکەم کێیە کە تۆ بەم پایەت گەیاندووم؟ [19] هەروەها ئەمەش لەلات کەم بوو، ئەی پەروەردگاری باڵادەست، تا سەبارەت بە ئایندەی دووری ماڵی خزمەتکارەکەت بدوویت؟ یا ئەمە فێرکردن بێت بۆ مرۆڤ، ئەی پەروەردگاری باڵادەست. [22] (لەبەر ئەمە، ئەی پەروەردگاری باڵادەست، مەزن بوویت و کوا هاوتای تۆ و کوا خودا بێجگە لە تۆ لە هەموو ئەوەی بە گوێی خۆمان گوێمان لێبووە؟ [28] ئێستا پەروەردگاری باڵادەست تۆ خودایت و وشەکەت ڕاستە و ئەم چاکەیەت سەبارەت بە خزمەتکارەکەت فەرمووە. [29] ئێستاش با مایەی دڵخۆشیت بێت و ماڵی خزمەتکارەکەت بەرەکەتدار بکە، تا بۆ تاهەتایە

لەبەردەمتدا بێت، چونکە پەروەردگاری باڵادەست فەرمووت، جا با لە بەرەکەتی تۆوە ماڵی خزمەتکارەکەت بۆ تاهەتایە بەرەکەتدار ببێت.)

داود بەو شێوەیە سوپاسی پەروەردگاری کرد بۆ بەڵێنەکەی سەبارەت بەو پاشایەی کە لە نەوەی ئەوەوە دێت. ئەو کەسەی نووسراوە پیرۆزەکان دەناسێ دەزانێ کە خودا بەشێکی لە بەڵێنەکەی هێناوەتە دی. لەبەر ئەوەی لە ئینجیل دەخوێنینەوە کە هەزار ساڵ لەپاش چەرخی داود، خودا فریشتەیەکی نارد بۆ لای چەن شوانێك کەوا مێگەلەکانیان دەلەوەڕاند لەسەر هەمان گردی بێتلەحم، کەوا داود مێگەلەکانی باوکی دەلەوەڕاند. فریشتەی پەروەردگار بە شوانەکانی ووت، (موژدەی خۆشییەکی گەورەتان دەدەمێ کە بۆ هەموو گەلە. ئەمڕۆ لە شاری داود ڕزگارکەرێکتان بۆ لەدایک بووە، ئەویش مەسیحە، خوداوەندەوە.) (لۆقا ٢: ١٠، ١١)

بەڵێ، ئەو پاشایەی خودا بەڵێنی دا بیهێنێت لە نەوەی داود لەدایك بوو. لەم کاتەدا، ئەو گەڕاوەتەوە ئاسمان، چاوەڕوانی ئەو ڕۆژە سامناك و شکۆدارە دەکات کە ئەو دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە ڕاستودروستی دادوەری جیهان بکات. لەو ڕۆژەدا، هەموو کەس دەزانێت کە ئەو بەڵێنەی خودا بەداودی دا سەبارەت بە شانشینە تاهەتاییەکەی ڕاستە. لەو ڕۆژەدا دەوترێ، شانشینی جیهان بووە شانشینی خوداوەندەوەمان و مەسیحەکەی، ئەویش تاهەتایە فەرمانڕەوایی دەکات. (ئاشکراکردن ١١: ١٥)

خودا بەرەکەتدارت بکات. لەگەڵ ئەم ئایەتەی نووسراوە پیرۆزەکان بەجێیت دێڵین: ئای لە قووڵی دەوڵەمەندی و دانایی و زانیاری خودا... چونکە هەموو شتەکان لە ئەوە و بە هۆی ئەوە و بۆ ئەوە. تاهەتایە شکۆمەندی بۆ ئەوە! ئامین. (ڕۆما ١١: ٣٣، ٣٦)



# رنگترین پرسیارەکان بۆ ئەم وانەیە:

١. بۆچی داود ڕقی لە شائول نەبووەوە، ئەو شائولەی هەوڵی کوشتنی دەدا؟
٢. لەو پەیمانە تێگەیشتی کە خودا لەگەڵ داودی پاشا بەستای لەو ڕۆژە؟
٣. چۆن پاشایەتییەکەی داود تاهەتایە دەمینێتەوە؟ ئەم شتە چۆن دەبێ؟ داود، کە تەنها مرۆڤە، چۆن دەتوانێ شانەشینێکی هەبێ کە تاهەتا بمێنێتەوە؟
٤. دەزانی کێ لەنێوان نەوەکانی داود ئەو دەسەڵاتەی پێ دراوە کە شانەشینێکی تاهەتایی دابمەزرێنێ؟
٥. دەزانی کێ دادوەری نەوەکانی ئادەم دەکات لە ڕۆژی دوایی و فەرمان ڕەوایی دەکات تاهەتا؟

ڕێگای ڕاست و دروستی:
وەرزی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز
(٢٠١٦)
Old Testament, Sorani (Draft), International Bible Society, 2005, 2009, 2011; Psalms, Biblica, 2013
Kurdish New Testament, International Bible Society, 1998; Biblica, 2011
ئەم خوێندنەوە لە {***The Way of Righteousness*** by Paul Bramson, 1998}بەخەش کراوەتە.
بەرهەم هێنەر: کۆمەڵەی ڕێگای راستودروستی
rrd2011@yahoo.com www.rrdk.org